٦- هەر وانەیەك ئەركی ماڵەوەی هەیەو دەكرێ بدرێت بە خوێندكارەكان.

٧- دەكرێ ئەم ڕاهێنانە بگوازرێتەوە بۆ كەسانی تر ، هەر كاتێ خوێندكارەكان دوازدە وانەكەیان تەواو كرد دەكرێ لەگەڵ كۆمەڵەی بچوكی دیكەدا بەشداری پێبكەن و هەر یەكەیان كۆپیەكەیان بدرێتێ .

نوێژ دەكەین خوداوەند لە ناوچەكەتدا مزگێنیدەر و مامۆستا و وتاردەر و ڕابەری كۆمەڵەكان زۆر بكات .

دروێنە زۆرەو دروێنەكار كەمن (مەتا ٩: ٣٧) !

نوێژ دەكەین كارەكانتان خوداوەند شكۆدار بكات (ڕۆما ١١: ٣٦) !

ناوەڕۆكی ڕێبەری دەیەم بۆڕابەری كۆمەڵەكان

<u>پرۆگرامی ڕاهێنانی یەكەم</u>

پرۆگرامێكی هەفتانەیەو ماوەكەی سێ مانگەو هەر هەفتەو دوو كاژێر دەخایەنێت ، كۆمەڵەیەكی بچوك پێكبهێنە بریتی بن لە ٣ بۆ ١٠ كەس هەر وانەیەك بە نوێژ دەست پێدەكات وبە نوێژ و ئەركی ماڵەوە كۆتایی پێ دێت .

وانەی ١٣ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (١پاشایان ٣، ١٧ ، ١٨) . لەبەركردن (سروشتی كڵێسا ١پەترۆس ٢: ٥) فێركردن (نمونەیەك لەسەر مەرجی چوونە ناو شانشینی خودا) نمونەی داوەتی پاشا .

وانەی ١٤ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢پاشایان ٥، ٦، ١٧ ، ٢٥) لەبەركردن (كارەكانی كڵێسا وچالاكیەكانی) كردار ٢: ٤٢ ، وانەی كتێب (ڕۆما ٤: ١- ١٧)

وانەی ١٥ بەشداریكردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢هەواڵی ڕۆژان ١٦، ١٨ ، ٢٠ ، ٢٦) لەبەركردن خزمەتەكانی كڵێسا ، ئەفەسۆس ٤: ١٢- ١٣ ،

فێرکردن (نمونە هبارەی بەرپرسیارێتی چوونە ناو شانشینی خودا ، نمونەی دوو کوڕەکە و نمونەی هەنجیری بێ بەر .

وانەی ١٦ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (٢هەواڵی ڕۆژان ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٦) لەبەرکردن (ئەرکەکانی ڕابەرانی کڵێسا ، کردار ٢٠: ٢٨ ، وانەی کتێب (ڕۆما ٤: ١٧- ٢٥) .

وانەی ١٧ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١، ٢، ٥، ٨) لەبەرکردن (شکۆ لە کڵێسادا : ئەفەسۆس ٣: ٢٠- ٢١)

فێرکردن (نمونەیەك لەبارەی هەڵوێستی خودا کە خۆشحاڵی و پێشوازیە لە ونبوەکان بۆ شانشینی خودا) نمونەی مەڕی ونبوو ، وە نمونەی کوڕی ونبوو .

وانەی ١٨ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١٠، ١١، ١٤، ١٥) لەبەرکردن (پێداچونەوە بکە بۆ ئەو ئایەتانەی لەبەرکردن کە تایبەتن بە کڵێسای مەسیحیەت) وانەی کتێب (ڕۆما ٥: ١- ١١)

وانەی ١٩ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ١٦، ١٨ ، ١٩ ، ٢٢) لەبەرکردن ڕۆما ٤: ٥ ، فێرکردن نمونەیەك لەبارەی خۆشەویستی زۆر بۆ کەسانی تر لە شانشینی خودا) سامیریە چاکەکارەکە .

وانەی ٢٠ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی (زەبور ٢٣، ٢٤ ، ٢٥ ، ٢٧) لەبەرکردن ڕۆما ٥: ١- ٢ ، وانەی کتێب ڕۆما ٥: ١٢- ٢١)

وانەی ٢١ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤) لەبەرکردن ڕۆما ٥: ٣- ٤ . فێرکردن نمونەیەك لەبارەی ساکاری لە شانشینی خودا ، نمونەی ئەو شوێنانەی تایبەتکراون بۆ زەماوەندەکەو نمونەی فەریسی وباجگر .

وانەی ٢٢ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٣٧ ، ٣٨ ، ٤٠ ، ٤٩

لەبەرکردن ڕۆما ٦: ١٣ ، وانەی کتێب ڕۆما ٦: ١- ١١ .

وانەی ٢٣ بەشداری کردنی خەڵوەتی ڕۆحی زەبور ٥٠ ، ٥١ ، ٥٨ ، ٦٢ . لەبەرکردن ٦: ٢٣ ، فێرکردن نمونەیەك لەبارەی لێخۆشبوون لە شانشینی خودا ، نمونەی کۆیلە بێ بەزەییەکە.

وانەی ٢٤ بەشداریکردنی خەڵوەتی ڕۆحی ، زەبور ٧١ ، ٧٣ ، ٧٨ ، ٨٢ ، لەبەرکردن پێداچوونەوە بکە بۆ پێنج ئایەتەکەی نامەی ڕۆما . وانەی کتێب ڕۆما ٦: ١٢- ٢٣ .

نمونەی زیاتر

پاشکۆی ١ نمونەی دەرگای تەنگ و نمونەی داوەتێکی مەزن

پاشکۆی ٢ نمونەی ئەو منداڵانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون و نمونەی نیشانەکانی کەش و هەوا و نمونەی تۆڕی ڕاوکردن

پاشکۆی ٣ نمونەی مەڕی ونبوو (مەتا) نمونەی درهەمی ونبوو.

پاشکۆی ٤ نمونەی گەڕانەوەی ڕۆحی پیس و نمونەی دوو قەرزارەکە.

پاشکۆی ٥ نمونەی دوژمن ،

پاشکۆکان بڕوانە پاشکۆی ١ لە ڕێبەری لێکۆڵینەوەی ٩ .

شێوازی خەڵوەت بەسەربردن و لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و تێڕامان ولەبەرکردن : بڕوانە پاشکۆکانی هاتوو لە ڕێبەری ڕێنماییەکانی یەکەم بۆ ڕابەرانی کۆمەڵەکان .

<u>پڕۆگرامی ڕاهێنانی دووەم</u>

پڕۆگرامێکی چڕوپڕە و دەکرێ ڕۆژێکی تەواو و یەکجار لە هەفتەیەکدا بەکاربهێنرێت . یان لە شێوەی کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕاهێنان و ماوەی شەش ڕۆژ بخایەنێت . کۆمەڵە گەورەکان دابەش بکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووک کە بریتی بن لە تەنها ٣ بۆ ١٠ کەس و ڕابەری ڕاهێنراو سەرپەرشتی هەر یەك لەو کۆمەڵانە بکەن .